# خــــودا...

# خــۆشی دەوێــم..!



نووسەر

میران وائل

وەرگێڕان

بنار دارا

کتێبخانەی (PDF)

2021

# خودا خۆشی دەوێم

نوسەر: میران وائل
بەشی: نامیلکە وچیرۆکی کۆمەڵایەتی
وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: بنار دارا محمود

**بەشی یەکەم*****

زەینەب: مەرام کچم خێراکە لەوانەکانت دوادەکەویت

مەرام:دایکە تکایە کەمێکی تر لێمگەڕێ

زەینەب:کچم هەڵسە تاقیکردنەوەکان نزیك بونەتەوە و تۆش ناخوێنیت و پداچونەوە ناکەیت

مەرام(کچێکە دوو چاوی قاوەی و پێستیکی سپی و قژێکی درێژی هەیە بەڵام بە سەرپۆش دایدەپۆشێت کە ئەمە جوانتری ئەکات وە تۆزێك توڕەیە)کاتژمیر چەندە دایکە

زەینب:کاتژمێر ١٠ کچم

لەماوەی چەند خولەکێکدا مەرام بەخێرای هەڵساو لەژورەکە بەملاولادا ڕای دەکرد

مەرام: بۆچی زوو خەبەرت نەکردمەوە دایکە؟ من وانەم هەیە کاتژمێر ١١........... ئۆف ئێستا چیبکەم.....مامۆستا نامکاتە ژورەوە چونکە زۆر دوادەکەوم

زەینەب:کچم ناوی خودا بێنە و دەستنوێژێك بگرە نوێژەکەت بکە و خۆت بگۆڕە وبڕۆ بۆوانەکەت ان شاء الله دواناکەویت

مەرام لەکاتی تێکدانی جل و بەرگەکانی: نا نوێژی چی تۆش؟ خۆم دواکەوتوم. نوێژیش بکەم

زەینەب: کچەکەم

مەرام: وتم نایەم دایکە.... دواتر تۆ بۆ مریەمت هەڵنەساندوە؟ ئەویش وەك من وانەی نیە!

زەینەب: هەڵسانی چی کاتژمێرێك بانگی ئەکەم هەڵناسێت

مەرام: ئەو نایات بۆ وانە یان چی!!!!

زەینەب:نەخێر دێت بەڵام خۆت دەزانی خەوی قورسە هەڵیسێنە تاکو شتێکتان بۆ حازر ئەکەم بیخۆن

مەرام بە دەنگێکی زۆر بەرزهاواری کرد: مرررررریییییەم (مریەم دوانەی مەرامە....کچێکی پێست سپی و دوو چاوی سەوز و پرچێکی زەرد و کورتی هەیە وئەویش سەرپۆش ئەکا کە جوانتری ئەکا.... حەزی لەگاڵتەیە و هەمووکات خەندە لەسەر لێوەکانیەتی)

مریەم: چی رویداوە

مەرام: ئێمە وانەی مامۆستا محەمەدمان هەیە کە ١٠ خولەکی ماوە و تۆهێشتا خۆت نەکردۆتە بەر؟

مریەم:چی نامۆ هەیە خۆ ئێمە هەموو ڕۆژ دوادەکەوین

مەرام: بەسیکە تکایە هەڵسە

مریەم:باشە باشە ٥ خولەك

مەڕوان( برا گەورەی مەرام و مریەمە....خوێنکاری کۆلێژی سەیدەلی قۆناغی یەکەمە لە ڕوخساردا زۆرلە مەرام دەکا لە مریەمیش ئەکا هەمیشە حەزی لە گاڵتەیە):بەم بەیانیە ئەو هەرایە چیە..؟ لەجیاتی دەنگێکی خۆش و ئارام هەموو ڕۆژێك لە دەنگی قیژەی مەرام خەبەرمان ئەبێتەوە

مەرام بە توەییەوە: خوشکەکەت نیە نایەوێ هەڵسێ چی لێبکەم ؟

مەڕوان: تەنها ئەوەندە !..

مەڕوان ڕۆیشتە دەرەوەو بە پەرداغێك ئاوەوە هاتەوە و هەمووی کرد بەسەر مریەما

مریەم بە هاوارەوە: چی بوە؟ ئەی خوایە لەدەس ئێوە

مەرام بەپێکەنینەوە: شایەنی ئەوەیت لەمەودوا بانگی مەڕوان ئەکەم تا خەبەرت بکاتەوە

مریەم:هاااا باشە توخوا پەراغێکی تریش لەبەرئەوەی تینومە

مە ڕوان:ئەی هاوار تۆ چیت کچم؟ هەستت نیە؟ خوێنت نیە تەواو

مریەم: نا واللە ئەی پێش دوو ڕۆژ نەکەوتم و دەستم بریندار‌بوو خوێنی لێ ڕۆیشت

مەڕوان: ئا ڕاستە من هەڵەم . تەنها هەڵسە مەرام بەس ئەوە ماوە بمانكات بە پەتاتەی سوركراوە

مریەم:لەمەیان ڕاست دەكەیت.....مرام

مرام: بەڵێ

مریەم:تكایە ئەتوانی فێری شاورمام بكەی لەبەر ئەوەی حەزم لە پەتاتەی سوركراو نیە

مەڕوان: منیش حەزم لە كفتەیە

مەرام:ئێوە چ خێزانێكن بااااى

ئەحمەد: (باوكی مریەم و مەرام) بەرەو ژوورەكە دەهات: واللە مەرام كچم من هەستت پێدەكەم...ئەم خوشك و برایەی تۆ بەجارێک كەلكیان نەماوە

مریەم بە پێكەنینەوە: ئێستا كاتژمێر چەندە؟

مەرام: ١٠ وسێ چارەكە  كاتژمێرێكە ئامۆژگاری تۆ ئەكەم

مریەم:تەواو هەڵسام

مەڕوان و ئەحمەد ڕۆشتنە دەرەوە و مریەمیش هەڵساو دەستنوێژی هەڵگرت و نوێژی كرد و خۆی گۆڕی و مەرامیش جانتاكەی خۆی وخوشكەكەی حازر كرد

زینب:وەرن خواردن حازرە

مەرام: نا دایکە درەنگ ئەکەوین نان ناخۆین

مریەم: ئاساییە من نانەخۆم

مەڕوان:دایکە سەرو لەفەیەکیان بۆ بکەو بابڕۆن تا ئیسراحەت بکەین .... خێراکەن بەشکم پێڕابگەم نان بخۆم و پێداچونەوە بکەم پێش نوێژی هەینی

.................

مەرام و مریەم لەماڵ دەرچون بەرەو وانەکەیان

مریەم: کاتژمێر چەندە؟

مەرام: چارەکی ئەوێ بۆ ١١....خوایە پێڕابگەین

مریەم:دادە ان شاء الله پێڕائەگەین نیگەران مەبە....دواتر تۆ نوێژت کرد! ؟

مەرام: دواتر گفتوگۆ ئەکەین ئێستا زۆر دواکەوتوین

مەرام و مریەم دوای کاتژمێرێك گەیشتنە وانەکەیان لەگەڵ سارەی هاوڕێیان( کە کچێکی باش و زیرەکە دوو چاوی قاوەیی و پێستێکی مەیلە و سپی هەیە و باشترین هاوڕێی مەرام و مریەمە)

ساره: ئێوه هەمیشه وا دوادەکەون....هیوا ئەخوازم جارێك زووو بێن

مەرام: مامۆستا مریەم هەڵناسێ و هیلاکی کردوین

مریەم: من هیلاککەرم

ساره به پێکەنینەوه: ئەرێ ئێوه خوشکن؟...ئێوه لە هەموو شتێکدا دژی یەکترن....ااه جارێ تریش....ااه ئیسراحەتم بکردایه لەدەستتان

مریم: فەرمان دەکەی مامۆستا تەنها ئەوەنده

مەرام: خێرا بڕۆن واز له قسەی بێمانا بێنن

ساره جێی هێشتن لەبەر ئەوەیماڵیان لەماڵی ئەوان دورتره

مریەم و مەرام لەڕێگای هاتنەوه بۆ ماڵەوه......

مریەم: دەی پێم بڵێ نوێژت کرد پێش ئەوەی بێی؟

مەرام: نەخێر پێڕانەگەیشتم که گەڕامەوه دەیکەم

مریەم بەغەمباریەوه: بۆ ئاوا مەرام؟..کاتێ زۆرت هەبوو تا نوێژەکەت بکەیت ... پێم بڵێ ئەگەرخوا نەکا ئێمه ئێستا شتێکمان لێهات ئاوا ئەڕۆیته بەردەو پەروەردگار!؟

ئەڵێی چی پێڕانەگەیشتم لەبەر ئەوەی وانەکەم گرینگتره؟!

ئەڵێی چی مەرام وڵامم دەرەوه!!!!!!

ئێمە پێویستە خۆمان بگۆڕین مەرام ئاوا نابێ .....خۆمان چاك بكەین .....نوێژەكانمان لەكاتی خۆیدا بكەین و هیچی نەچوێنین ..جل و بەرگەكانمان تۆزێ درێژ بكەین و نابێ بەردەوام جلی تەسك و كورت لەبەر بكەین.....بەڵێنم پێ بدە كە بەیەكەوە بگۆڕێین

مەرام: من بەڵێنت نادەمێ كە بگۆڕێم.... من ئەمەوێ وردە وردە بگۆڕێم نەك یەكسەر هەموو شت بگۆڕم ...دواتر دادە من نویژ ئەكەم و جل و بەرگیش هەموو كچان ئەو جلانە ئەكەن چی تێدایە؟

مریەم: بەڵێ نوێژ ئەكەی بەڵام چۆن نوێژێك یا مریم.... ئەڕۆی بۆ وانە خوێندن پێش ئەوەی نوێژەكەت بكەیت و شەوان ئەگەڕێیتەوە هەمووی بەیەكەوە ئەكەیت....

ئەمە قسەیە؟! دواتر مانای چیە هەموو كچان جلی لەو شێوەیە لەبەر ئەكەن ؟ ئەگەر ئەوان لەپەنجەرەوە خۆیان فڕێدەن تۆش وا ئەكەیت و ئەڵێی هەموو كچان وائەكەن؟!

مەرام: مریەم تۆش وەك من ئەو جۆرە جل و بەرگانە ناكەی یان هەر من دڕندەم؟! هەروەها تۆش هەندێ جار نوێژت ئەڕوات و هەموو نوێژەكانت لە مزگەوتی خوێندنگا ناكەی

مریەم بەغەمباریەوە: من ئەزانم کەمو کورتیم زۆرە بەڵام کەس شك نابەم بۆئەوەی یارمەتیم بدا بگۆڕێم ....مەرام تۆ دوانەی منی ئەزانی واتە چی دوانە؟ یانی نیوەکەی تر .... خەڵکێکی زۆر هیواخوازن دوانەیەکیان هەبێ تا لەهەموو شتێك یارمەتی یەکتر بدەن ...بۆ دەس نەخەینە ناو دەست و یارمەتی یەکتر بدەین بۆ بەهەشت؟!

مەرام ئێمە پێویستە بگۆڕێین تا ئەگەر شتێکمان بەسەرهات بەسەربەرزی ڕوبەڕوی خودا ببینەوە

مەرام: ان شاء الله تەنها پشت بە خودا ببەستە

ئێوارە.....

مەرام: مریەم خێراکە با زوو بنوین بەیانی زوو وانەمان هەیە

مریەم: بەچاوان شەوتان شاد

.........

دوای دوو ڕۆژ....

زەینەب:کچەکان زووهەلسن تا بڕۆنە قوتابخانە

مەرام: من لەزوەوە بەخەبەرم دایکە

زەینەب:سەیرە یانی تۆ بەتەنها بەخەبەری

مەرام : نەمتوانی بنوم ..... مریەم خەبەرئەکەمەوە تا بڕۆینە قوتابخانە......

له ڕێگای قوتابخانه

مریەم: مەرام

مەرام : بەڵێ

مریەم:ئێمە هەرناگۆڕێین؟...کچم با ژیانی خۆمان بگۆڕین لەجیاتی ئەم ژیانە بێ ئامانجە ..ئێم وانە و تاقیکردنەوە مان هەیە و تەنانەت دەس بە کتێبەوە نادەین. ئیتر با بگۆڕێین

مەرام: خوا ئاسانی بکا وە ڕستەکەی تەواونەکردبوو

مریەم قیژاندی و پاڵی بە مەرامەوە نا: مەراااااام

*مەرام*

دەنگی پێداکێشانێکی بەرز هات و خۆم لەسەر زەویەکە دۆزیەوە...... وە نازانم چی ڕویدا؟!

پاش چەند خولەکێك هاتمەوە سەر خۆم و تێگەیشتم چی ڕویداوە وبینیم خوشکەکەم لەسەر زەوی کەوتبو بۆ ئەوەی بارهەڵگرەکە لەمن نەدا مریەم پاڵی بەمنەوە نا و لەوی دا...

بەڵێ ئەو باشترین خوشکە....

چەند چرکەیەك تێپەڕی و د دەنگی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن ئەهات لە دەورووبەرم.....

*مریەم*

لەگەڵ خوشکەکەم گفتوگۆما ئەکرد لەکاتی تێپەڕبون وەئەو بارهەڵگرەکەی نەبینی کە ڕوبەڕومان دەهات.....هاوارم

کرد و پاڵی مەرامم نا دوای چەند چرکەیەک خۆمم بینیەوە لەسەر زەوی ڕاکشابووم ..بەڵام هەستم بە هیچ نەکرد **!؟**

ئایا چی ڕویدا؟

ئێستا خەریکە هەست دەکەم ....بەڵێ

بارهەڵگرەکە خۆی بەمندا کێشا..

وردە وردە هەستم لەدەستدا وخەڵکی لەدەورم کۆببونەوە ..... وە مەرامی خوشکم بینی کە ئەویش کەوت .....ئایا ئاوا ڕوبەڕوی خودای گەورە دەبمەوە؟

............

مەرام*

کە بەهۆش خۆم هاتمەوە لە نەخۆشخانە بووم دایکم لە تەنیشتم دەگریا...........

...........

مەرام بەدەنگێکی پچڕ پچڕ:دا یکە مریەم لەکوێیە( دایکە مریەم لەکوێیە)

زەینەب بە گریانێکی قوڵەوە: مریەم ..... مریەم ئێستا لە شوێنێکێ باشترە.... خودای گەورە.... ڕستەکەی تەواو نەکرد و مەرام جارێکی تر لە هۆش خۆی چوو

دوای چەند کاتژمێرێك......

مەرام هەڵسایەوە بەڵام بیری نەمابوو کەچی ڕویداوە

مەرام: دایکە مریەم لەکوێیە

زەینەب چاوی پڕ بوو لە فرمێسك......مەرام هەموو شتێكی بیرهاتەوە و هاوارێكی كرد هاوارێك كە هەموو نەخۆشخانەكە گوێیان لە دەنگی بوو.....

لەم كاتەدا سارە هاتە ژورەوە هەركە مەرامی بینی چاوی پڕ فرمێسك بوو ڕایكردە لای.....و لەباوشی گرت
هەردووكیان چاویان پڕ بوو لەفرمێسك ....بۆ نا؟ مریەم باشترین خوشك و باشترین هاوڕێ بوو.....

مەرام بە گریانێكی قوڵەوە: هەمووكات ئەی وت با بگۆڕێین...هەمیشە ئەی وت لەوانەیە لەهەر كاتێكدا بێت یەكیكمان بمرین.. من بەقسەی ئەوم ناكرد..... هەركاتێك باسی ئەم بابەتەی بكردایە من بابەتەكەم ئەگۆڕی....

مەرام هەنسكەكانی زیادی كرد: ئەو ئەی ویست ئێمە بگۆڕێین و لەخودای گەورە نزیك بینەوە.... من هۆكارەكەم ....من هۆكارەكەم

سارە بە گریانەوە: واتە تەواو چیتر نایبینینەوە؟

مەرام بەگریان و هاوارەوە: مریییییییییەم

مەرام خەبەری بۆوە و بینی لەسەر جێگای نوستنەكەیەتی..

.... ئایە ئەمە خەونە یاخود ڕاستیە!؟

مەرام لەسەر جێگاکەی هەڵساوبەهەموو توانایەوە هاواری ئەکرد مریییییەم..مریییییەم....تۆ لەکوێی......مرییییەم

مریەم بە ترسەوە بەرەو ژوورەکە ڕای ئەکرد: چیە مەرام؟ چی ڕویداوە....

ڕستەکەی تەواو نەکردبوو مەرام بە توندی باوشی پێداکرد.... و توند بەخۆیەوە ئەیگوشی

مەرام بەقوڕگی پڕگریان و چاوی پڕ فرمێسکەوە: بەڵێنم پێ بدە کە هەرگیز جێم ناهێڵی ...بەڵێن بدە کە هەمیشە دوانە و خوشك و هاوڕێم ئەبیت ...تکایە جێم مەهێڵە مریەم

مریەم بە نیگەرانیەوە: ان شاء الله قەت جێت ناهێڵم بەڵام چی ڕویداوە؟ تۆ چیتە؟

مەرام :خەونێکی زۆر زۆر ناخۆشم بینی مریەم

مریەم: مەترسە من لاتم وەهەرگیز جێت ناهێڵم.....دواتر خێراکە دواکەوتین لە قوتابخانە

مەرام: نا ئەمڕۆ ناڕۆین بۆ قوتابخانە

مریەم: لەبەرچی!!

مەرام: ئەمڕۆ خاڵی گۆڕانکاری لەژیانمان دەسپێدەکەین تۆ هەمووکات نەتدەویست بگۆڕێین؟

مریەم: مەرام تۆ باشی!!!

مەرام : من زۆر زۆر باشم زیاتر لەوەی پێشبینی ئەکەیت

**بەشی دووەم*****

مریەم بە سەرسوڕمانەوە: ئەم کچە کەسێکی ترە یان چی.....باشە کۆتاییەکەی ئەبینین بزانین چی ڕودەدات خاتو مەرام

لەسەر میزی ناخواردن....

مەڕوان: چیتە مەرام دالْغەی چیت لێداوە؟

مەرام : ها! نا هیچ نیە تەنها ویستم داوای شتێکی بچوکتان لێبکەم

ئەحمەد: تۆ تەنها داوابکە کچم بە چاوان

مەرام: ڕاستی من حەزەکەم کۆمەڵێك جل و بەرگی تازە بکرم لەبەرئەوەی جلەکانم هەمووی کورت و تەسکە و من گەورەبووم....

مریەم: نا من ئەڵێم تۆ تەواو نیت ئەمڕۆ....مەرام تۆ ئەم قسانەت بەڕاستە!!!!

مەرام :بەڵێ ئێمە زۆر کەمترخەمین بەرامبەر بە خودای گەورە و کاتی ئەوە هاتوە بگۆڕێین تەواو.....تەواو چیتر درەنگ نوێژ ناکەین.... جلی کورت و تەسك لە بەر ناکاین.. لە خودای گەورە نزیك ئەبینەوە تاکو بە سۆزو بەزەی خۆی بەزەی پێمان بێتەوە ....وە من ئەڵێم مادام مەڕوان ناڕوا بۆ زانکۆ با لە گەڵ من و مریەم بێت بۆ بازاڕ تاکو هەندێك تەنورە یاخود عەزی بکڕین پێتان چۆنە

مەڕوان: زۆریشم پێ خۆشە

زەینەب: خودای گەورە دڵخۆشتان بکا کچم وە هەروا بمێنن هەمیشە

ئەحمەد: ئەم بڕیارە زۆر دڵی خۆشکردم... چاویشم بۆ ئێوەیە خاتو مەرام مریەم چاوی پڕ بوو لە گریان و ڕایکرد باوشی کرد بە مەراما

مریەم: واتە تەواو یارمەتی یەکتر ئەدەین تاکو بگۆڕێین؟

مەرام: بەڵێ تەواو کاتی هاتوە

مەریەم :زۆرم خوشەوێی مەرام

مەرام: منیش زۆرم خۆشەوێی خودا تۆم بۆ بهێڵێ

هەریەك لە ئەحمەد و زەینەب پێکەنین

مەڕوان:بە پەلە نانەکەتان بخۆن تا بڕۆینە بازاڕوجل و بەرگ بکڕین

مەرام و مریەم بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە: بەڕاستی

مەڕوان: نەخێر پەشیمان بومەوە

مەرام: نا نا پەشیمان مەبەوە گاڵتە ئەکەین خۆمان زۆرمان پێدەچێ

مریەم: ڕاست دەکەی ڕوداوێکی وا سەدەی جارێك ڕودەدا

مەڕوان: خێراکەن وخۆتان ئامادەکەن تا پەشیمان نەبومەتەوە

مریەم: فەرمانتە گەورەم.. بە خێرای لەگەڵ مەرام کە خەریکبو لە خۆشیا بفڕێ بەرەو ژورەکەیان ڕۆیشتن لە بازاڕ...

هەریەکێکیان پانتۆڵێکی پان لەگەڵ قەمیسێکی درێژ بۆ سەری و هەروەها یەکەو عەزیەیەکیان کڕی بە ڕەنگی جیاواز..

مەڕوان:ها دڵخۆش بوون!؟ هیچ ماوە بیکڕن؟

مەرام: ئا بێگومان سەرپۆش ماوە

مەڕوان: دەی ئەوەش تەواوکەن تا جێم نەهێشتون

مەرام: ئەم سەرپۆشانەت بەدڵە مەرام؟.....مەرام...مەراااام

مەرام لە داڵغەکەی دەرچوو : بەڵێ

مریەم: تۆ لەکوێی؟هیچ ئاگات لەمن نیە

مەرام: ها نا تەنها بیرم ئەکردەوە.....یانی.....ئێ پێت چۆنە پێچە بکەین؟!

مریەم: بەڕاستتە

مەرام: بەڵێ بەڕاستمە

مریەم لەباوەشی کردو وتی زۆر دڵخۆشم بەم بڕیارانەت...زۆرم خۆشەوێی و سوپاس خودا دەکەم کە خوشکێکی وەکو تۆی پێ بەخشیم

مەرام: منش زۆرم خۆشەوێی مریەمەکەم....دەی بابڕۆین پێچە بکڕین.....یان ناتەوێ؟

مریەم: نا بێگومان دەمەوێ

مەڕوان دڵخۆش بوو بە بینینی خوشکەکانی بە دڵخۆشی و ئەو گۆڕانکاریە لەناکاوەیان

بۆ ئێوارە زۆر بە دڵخۆشی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە

بەیانی ڕۆژی دواترکاتژمیر ٢ی نیوەڕۆ

مەرام و مریەم یەکەم هەنگاوی ژیانیان ئەنەن لەنزیکبونەوە لەخودا ودوای لەبەرکردنی جل و بەگ و پێچەکانیان

مریەم: ئەزانی مەرام من زۆر دڵخۆشم وەدڵخۆشم لەبەرئەوەی پێچەم لەسەر کردوە....زۆر لەمێژە حەزم ئەکرد لەسەی بکەم

مەرام: بینیت خاتون خودا خۆشی ئەوێی بۆیە خەونەکەت هاتە دی

...... دەی بابڕۆن تا سارەش بزانێت خێا خێرا

مریەم: زۆر دڵخۆش ئەبێت بمانبینێت بەتایبەت کە ئەویش حەزدەکات بپۆشێت ئەمەش ئەبێتە هاندەرێك بۆ ئەو

مەرام, باشە خێراکە با دوانەکەوین

هەریك لە مەرام و مریەم لەماڵ دەرچون بەڵام جیاواز لە ڕۆژانی تر هەستیان بە خۆشیەکی زۆر ئەکرد .....حەز

ئە کەن بزانن هەستیان بەچی ئەکرد**!؟**

باشە..... هەستیان بە خۆشیەك ئەکرد کە پێشتر هەرگیز هەستیان پێ نەکردبوو.....واهەستەکەن کە خەریکە باڵ ئەگرن و ئەفڕن لە خۆشیا....هەستی پێدەکەن

سەیرە....ئایا ئەمە دڵخۆشیە؟.... یاخود ئاسودەیی؟...یان دڵتەنگی؟ لەبەر ئەوەی ئەو هەموو کاتە دوور بوون لە خودا

بەدرێژای ڕێگاکە سوپاس و ستایشی خودایان ئەکرد تا گەیشتن بەسارە کە بەجۆشەوە خۆی هەڵدایە باوەشیان و پیرۆزبای لێکردن لەو بڕیارە ڕاستەیان کەداویانە... بەڵێ ...نزیکبونەوە لە خودا هەمیشە بڕیارە ڕاستەکەیە

وە ئەمە یەکەم هەنگاوی مەرام و مریەم بوو بۆ نزیکبونەوە لە خودا

مانگێك تێپەڕی و زۆر شت گۆڕا لە ژیانی مەرام و مریەم وە زۆر لە خودای گەورە نزکبونەوە....هەمیشە هانی یەکتریان دەدا وەهانی سارەیان دەدا کە حەزی ئەکرد پێچە لەسەر بکە وە هەرسێکیان دەس لە نێو دەست بوو بۆ بەهەشت....بەڵێ.... ئەوەیە هاوڕێی باش

(خوایە پێمانی ببەخشیت)

لە ماوەی ئەو مانگەداتاقیکردنەوەکان دەستیپێکردو بە پشتیوانی خودا هەریەك لە مەرام و مریەم و سارە بە نمرەیەکی زۆرباشەوە یەکەم ساڵی ناوەندیان تێپەڕاند

وە خەڵکی زیاتر لە جاران ڕێزی لێ ئەگرتن وخۆشی ئەویست ئەوان سێ کەسی بەڕەوشت و ئاکار جوان بوون.... بەڵێ ئەوان سێ کچی وەك حۆری بەهەشت بوون

مەرام: ئای ئێمە پێشتر چۆن ئەژیاین؟.... ئەزانن هەندێك کات بیردەکەمەوە وئەڵێم

که خودا ئێمەی زۆر خۆش دەوێ.... وای کرد بگۆڕێین بۆ کەسانێکی باشتر.....وای لێکردین که قیمەتی ژیانمان بزانین وبە ڕاستی بژین

دوای تێپەڕبوونی دووساڵ.......

مەڕوان به خێرای هاته ژورەوە:بە خێرا لابتۆپەکه بکەنه ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەرچوە

مەرام و مریەم توشی شۆك بوون

مەڕوان:هەر لەوێ ئەوەستن؟ خێراکەن وەرن......یەکەم جار ئەوەی مەرام

مەرام: نا بەخوا ئەوەی مریەم سەرەتا

مەڕوان: من ئەنجامی هەردوکتان بەیەکەوە ئەڵێم و ان شاء الله زۆرباشه ئێوه بۆ ئەترسن؟ خودای گەورە هەوڵ و ماندووبونی کەس لەبیرناکات ئێوه ئەوەی لەسەرتان بوو کردتان.... ئێوه زۆرتان خوێند و پێداچونەوەتان زۆرکرد و ماندوو بوون ان شاء الله هەردووکتان ئەڕۆنه ئەو کۆلێژەی که خۆتان ئەتانەوێ..ژمارەکەتان بڵێن

مریەم و مەرام.......

مەڕوان لەجێگای خۆی هەڵپەڕی

مەرام: ئەنجامەکەمان زۆر خەراپه یان چی

مەڕوان: ئای خوایه ئەوە چیه؟ ئێوه بەدزی ئێمەوە پێداچونەوەتان ئەکرد یان چی؟.... ئێوه لە من زیاترتان هێناوە

مریەم: بەڕاست دەی مەڕوان بڵێ مردین لە دوودڵیا

مەڕوان: تۆ٩٩/ و مەرام ٩٩,١/

مریەم و مەرام لە خۆشیا باوەشیان لەیەکدا وهەڵپەڕین و زۆر دڵخۆش بوون...

زەینەب بەدڵخۆشی:پیرۆزە خۆشەویستەکانم

ئەحمەد: نەخشە بێت لە تەخەروجەکەتان

مەرام و مریەم :زۆر سوپاس

مەڕوان:ئێوە یەکەمی کۆلێژ ئەبن و منیش چوارەم....باشە ئاهەگ ناگێڕین؟

مەرام: نا چاوەڕێکە با دوو رکات نوێژ بکەین و سوپاسی خودای گەورە بکەین

مریەم:بێگومان پێویستە سوپاسی خوا بکەین هەریەك لە مەرام و مریەم دەستنوێژیان هەڵگرت و دەستیان کرد بە نویژ

مریەم لە کاتی سوجدە بەگریانەوە: زۆر سوپاس خوایە گیان بۆ ئەو هەموو نیعمەتانەی پێت بەخشیوین..... هەمیشە حەزمان ئەکرد لەگەڵ مەرام بڕۆینە کۆلێژی پزیشکی.... خوایە گیان لەخۆت نزیکمان بکەوەو یارمەتیمان بدە

هەرکە نوێژەکەیان تەواو بوو مەرام و مریەم بە خێرای ڕۆیشتن و پەیوەندیان بە سارەوە کرد

مریەم: سلام علیکم..... ها چیت کرد؟

سارە : عەلیکم السلام ....لەخوا بەزیاد بێت ٩٩م هێنا و زۆر دڵخۆشم...... ئێوە چیتانکرد؟

مریەم: نەتیجەکەی مەرام وەك تۆیە..... و منیش ٩٩,١م هێنا لەخوا بەزیاد بێت

مەرام بە دەنگێکی بەرز: پیرۆزە سیسارك

سارە: زۆر سوپاس..... یانی ئاوا ئەتوانین بەیەکەوە بڕۆینە کۆلێژی پزیشکی....... ئای لەو دڵخۆشیە

مریەم: تەنها بڵێ خوایە گیان.....دواتر ئێمە هیلاك بوین و خودای گەورەش ئەوانە بێ هیوا ناکات کە خۆیان ماندوو دەکەن

سارە: سوپاس بۆ خودا

مریەم: دای ئەخەمەوە چونکە وا دێین بۆ ماڵتان بە میوانی

سارە: ئەو زۆر زۆرە ....دەی السلام علیکم

مریەم: وەعلیکم السلام و رحمە الله وبرکاتە

ئەو ڕۆژە بە خۆشیەکی زۆرەوە تەواو بوو و هەریەکە لە مەرام ومریە م سارە خەونیان بە ژیانی داهاتویان ئەبینی لە کۆلێژ

لەسەرەتای ساڵی خوێندن

هەریەك لە مەرام و مریەم وسارە خۆیان ئەمادە ئەکرد بۆ وانە وخوێندن لە کۆلێژی پزیشکی وەزۆر دڵخۆش بوون

هەرسێکیان گەیشتنە بینای کۆلێژی پزیشکی

ڕێیان ئەکرد و سەیری شوێنەکەیان ئەکرد ....خوێندکارێکی زۆری لێ بوو.... کچان و کوڕان....لە سەرپۆش بەسەرو بێ سەرپۆش بڕیاریان دا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بن و نەڵێن هەموو کچان ئەو جلانە ئەکەن و بۆ منش نەیکەم

یان "هەموو کچان مکیاژ ئەکەن بۆ من نەیکەم"

بەیانی ئاوا ڕوبەڕوی خودای گەورە ئەبیتەوەو ئەڵێی هەموو کچان ئاوا جل و بەرگی تەسك و ڕوتیان لەبەر ئەکرد؟!

ئەڵێی هەموو کچان مکیاژ ئەکەن و شێوەی خۆیان ئەگۆڕن و بەوشێوەیە کە خودا دروستی کردوون ڕازی نین!؟ خودای گەورە ئەفەرموێ "مرۆڤمان بە جوانترین شێوە دروستکردوە" خوای گەورەهەموانی بەجوانی دروست کردوە...بۆ خۆمان بگۆڕین بە مکیاژ؟ بۆ جل و بەرگی تەسك و کورت لەبەرکەین لەکاتێکدا جلی پان و فراوان هەیە؟ وەئەو کچانەی پێچە لەسەر ئەکەن و زیاتر ڕێزیان هەیە لای هەموو خەلکی وخۆشەویستن لای خودای گەورە.....

وانەکەیان تەواوکرد و ڕۆیشتنەوە بۆماڵەوە.....وەهەربەو شێوەیە بەردەوام بوون لە کۆلێژ بۆماڵ و لە ماڵ بۆ کۆلێژ

ئەحمەد گەڕایەوە ماڵ دەم بە خەندە و کۆمەڵێك زەرفی بەدەستەوە بوو

ئەحمەد: مەرام مریەم

مەرام و مریەم: بەڵێ باوکە

ئەحمەد: فەرمون ئەوە دوو موبایل و دوو خەت بۆ هەردووکتان

مەرام و مریەم: بەڕاستتە باوکە...خودا تۆمان بۆ بهێڵی...باوەشیان بەباوکیان کرد

زۆر دڵخۆش بوون.....بۆ یەکەمجار هێڵەکانی ئینتەرنێت ئەکەنەوە

مەرام: پەڕەیەکم کردەوە لەفەیسبوك بەناوی مەرام ئەحمەد تۆش کردت یان نا؟

مریەم: بەڵێ کردم بەدوای وێنەیەك ئەگەڕێم داینەم

مەرام: یانی وێنەی خۆمان دانانەین لەسەری

مریەم: نا تۆ تەواوی !!من نامەوێ تاوانم زیاد بێ..

تۆ ئەزانی مەرام هەرکەسێك بێتە ناو پەڕەکەت وێنەکەت ئەبینێ و تۆ تاوانەکانی لەئەستۆ ئەگریت نەك ئەو....ناتوانی چاوی بگریت ... زۆرکەس چاویان ناگرن هەموو خەڵکی وەکو یەك نین

مەرام: ببورە نەم ئەزانی...ئەزانی ژمارەیەك نامەی ناردوە بۆم لە واتساپ نوسیوێتی" سلام و علیکم "بەڵام من نازانم کێیە

مریەم: سەیری ناوەکەی بکە لە واتساپ چیە

مەرام: نوسراوە محەمەد

مریەم: تەواو بلۆکی بکە

مەرام: باشە ئەگەر یەکێك لە هاوڕێکانمان بوو

مریەم: باهاوڕێشت بێت بۆچی ناوی کوڕی نوسیوە؟... دوووەم ئەگەر هەرکەسێك بێت ئەبێت کە وتی سەلام و عەلیکم من....تێگەیشتی؟؟!

مەرام: بەڵێ تێگەیشتم.....سوپاس مریەمەکەم

**بەشی سێیەم*****

بەیانی ڕۆژێکی نوێیە......

مریەم: مەرام هەڵسە ئەمڕۆ تاقیکردنەوەمان هەیە

مەرام: تۆزێك لێمگەڕێ تەواوی شەوەکە پێداچونەوەمان کردوەو ماندووم

مریەم:خوا لێت ببورێ ئەو ڕۆژانە چیان لێهات کە زوو منت هەڵەساند یان بارودۆخ گۆڕا....چاوەڕێکە بابانگی مەڕوان بکەم

مەرام: نا تکایە واز لە مەڕوان بێنە...ئەوە هەڵسام تەواو

لەپێش سارەیا گەیشتنە کۆلێژ.....

سارە: من زۆر لە تاقیکردنەوەکە ئەترسم

مریەم: خوا گەورەیە و هیلاکیت بە بەلاش ناڕوا ان شاء الله

مەرام:

چاوەڕێکە ئەم نزایە بخوێنە پێش چونە ژورەوەت

خوایە گیان بە ڕاستگۆی بمانکەیتە ژوورەوەو بە ڕاستگۆی بێینە دەرەوە

مریەم: سارە هەروە ها بیرت نەچێ کە کاغەزی تاقیکردنەوەکەت وەرگرت ئەم نزایە بخوێنە

( خوایە گیان کارم ئاسان بکە و سینگم فراوان بکە وزمانم پاراو بکە بەناوی خودای گەورە)

خوایە گیان هەر شتێك تۆ ئاسانی بکەی ئاسانە وە تۆ خەم و پەژارە ئاسان دەکەیت ئەگەر ویستت لەسەر بێت

سارە:ئامین خوا گەورەیە

دوای تۆزێك لە تاقیکردنەوە دەرچون و هەموویان خەندە لەسەر لێویان بوو

مریەم: ها چیتان کرد

سارە : لەخوا بەزیاد بێت ئاسان بوو

مەرام: بەڵێ زۆر ئاسان بوو

مریەم: ئەو کچە کێیە لەولاوە باسی ئێمە ئەکا

سارە: مەبەستت مەناڵە.... ئەو دەمێکە ڕەخنە لە جل و بەرگەکانمان ئەگرێ لەبەر ئەوەی پێچەمان لەبەرکردوە نەتبینیوە وا خۆی ڕازاندۆتەوە

مریەم: باشە وەرن لەگەڵم بابڕۆین بۆ لای مەناڵ

مریەم: مەناڵ ئەمەوێ تۆزێك قسەت لەگەڵ بکەم

مەناڵ: نەخێر سوپاس نامەوێ لەگەڵ کەسانی وەکو ئێوە قسە بکەم پێشتر کەتنی دونیاتان کردوە و ئێستا خۆتان بەڕێز کردوە

قسەکانی وەکو هەورە بروسکە بوو بۆیان....مریەم بێدەنگ بوو

بەسمە هاوڕێی مەناڵە: نابێ قسەی وابکەی مەناڵ

مریەم زۆر بە هێواشی:ئەزانی قسەکردن بەبێ بەڵگە مانای چیە/!؟

مەناڵ بە توڕەییەوە وڵامی دایەوە: نەخێر نامەوێ بزانم

بەسمە وڵامی دایەوە: مەناڵ چاوەڕێکە با مریەم قسەکانی تەواو بکا

مەناڵ بە بێزاریەوە: تەواوی بکەو کۆتای پێ بێنە

مریەم بە غەمباریەوە: واتە تۆ کەسێك تاوانبار بکەی بە شتێك کەنەیکردوە و بێتاوانە لێی.....ئێستاش تۆ ئێمە تاوانبار دەکەی بە شتێك کە نەمانکردوە باشە بەڵگەت هەیە بۆ ئەم قسانەت!؟

مەنال: نەخێر بەڵام ئەزانم ئەوانەی خۆیان بەڕێز ئەکەن و پێچە لەسەر ئەکەن لە کۆتایدا شتێکیان لەژێر سەرەو کەتنێك ئەکەن

مەرام توڕەبوو: ئەی بۆ ناڵێی ئەیانەوێ خودا ڕازی بکەن لە خۆیان....بۆ ناڵێی ئەیانەوێ زیاتر لە خودا نزیك ببنەوە...بۆ ناڵێی داوای لێخۆشبون و ڕەزامەندی لە خودا دەکەن

مەنال بە شەرمەزاریەوە: دەی مادام بۆ خودا ئەیکەی تۆ و نیەتت داوای لێبوردن ئەکەم

مریەم: سەیرکە مەنال خودای گەورە ئەفەرموێت (ئارایشت مەکەن و خۆتان مەڕازێننەوە وەکو نەزانەکانی پێشو)

مریەم بە دەم بەخەندەوە سەیریکرد و وتی: زیاتر تێتدەگەیەنم "پێش ئەوەی ئیسلام بێت ولە نەزانی ئافرەتەکانیان خۆیان نمایش ئەکرد بۆ پیاوان و جەستەی خۆیان دەردەخست بەڵام دوای ئیسلام خودای گەورە نەهی لەوکارەکردوە ونەهی لە خۆ ڕازاندنەوە کردوە بۆ ئافرەتانی مسوڵمان....بۆیە پێویستە ئافرەتی مسوڵمان جل و بەرگی شەرعیلەبەربکات ودووربێت لە خۆڕازاندنەوەی نەزانی

مەنال بە غەمباریەوە وڵامی دایەوە: بەڵاممن واڕاهاتوم و بۆ کۆلێژیش جلی وا لەبەر ئەکەم دواتر ناتوانم بەعەزیەوە ڕێ بکەم وئەکەوم پێوەی!!

مریەم: خوای گەورە سترمان ئەکات...خودا هەمیشە دەرونت ئاسودە بکات.....تۆش ئەگەر بۆ هەر شتێك پێویستت بە یارمەتی ئێمە بوو  ئێمە لەگەڵتین

مەنال: باشە تۆ بڵێی خودا ئێوەی هەڵبژاردبێت بۆ من تا من بگۆڕێم

مریەم: سەیرکە خودای گەورە  زۆرجار کەسانێکمان بۆ ئەنێرێت یان پەیامێك

*پەیامێك تا دڵنەوایت بکات

*پەیامێك سەرنجت بۆشتێك ڕابکێشێ

*پەیامێك پێت دەڵێ بگەڕێوە بۆ لای خودای گەورە

*پەیامێك پێت دەڵێ لە خۆڕا زوڵم لەخۆت دەکەی

*پەیامێك پێت دەڵێ بۆ زوڵم لەکەسانی تر دەکەیت

*پەیامێك پێت دەڵێ زاڵم چی هەیە

* پەیامێك پێت دەڵێ لە خۆڕا گومڕایت

*پەیەمێك پێت دەڵێ کەی داوای لێخۆشبون ئەکەیت

*پەیامێك پێت دەڵێ خودا خۆشیدەوێی وهەمیشە لەگەڵتە

*پەیامێك پێت دەڵێ مەترسە لەسەر ڕاستی سوربە

پەیامی زۆر هەن بەڵام لەهەمووی گرینگتر ئەوەیە لێی تێبگەین و کاری پێبکەین

پشت به خودا بەستە و بزانە کە خودای گەورە هەمیشە لەپشتتە و یارمەتیت ئەدا

مەنال: باشە ئەتوانم داوای شتێك لەئێوە بکەم

سارە: فەرموو

مەنال بەشەرمەزاریەوە: ئەتوانن منش وەکو هاوڕێی خۆتان قبوڵ بکەن و یارمەتیم بدەن منش بگۆڕێم

مەرام: ئەمە زۆر دڵخۆشمان ئەکا

مەنال: بەڕاست....من زۆر زۆر دڵخۆشم .....بەڕاستی زۆر سوپاستان ئەکەم

مریەم :سوپاسی خوای گەورە بکە

سارە بە دڵخۆشیەوە: دەی کەواتە بابڕۆین هاوڕێ تازەکەمان

هەموویان بە پێکەنیەوە ڕۆیشتن....لەپێش کۆلێژ چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلەکە بوون کەهات سواربوون ولەڕێگای
گەڕانەوەیان مەنال سەیری دەوروبەری ئەکرد و خەندە لەسەر لێوی بوو

مەنال: مریەم ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم

مریەم بەخەندەوە: ئەتەوێ بزانی بۆ پێکەنم وایە

مەنال:بەڵێ

مریەم:پێت دەڵێم....عەلی کوڕی ڕەبیعە ئەڵێ :عەلی کوڕی ئەبو طالبم بینی"خوای گەورە لێی ڕازی بێت"حوشترێك هات وکاتێ قاچی خستە سەری وتی بەناوی خودا، وەکاتێك سواری پشتی بوو وتی لەخوا بەزیاد بێت دواتر وتی"سبحان الذی سخر لنا هذا وما كننا له مقرنين ،وإنا الا ربنا لمنقلبون" دواترسێ جار وتی سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە..دواتر سێ جار وتی الله اكبر...دواتر وتی "سبحانك انی ظلمت نفسي فاغفر لي فانه لايغفر الذنوب إلا انت..دواتر پێکەنی

وتیان ئەی گەورەی بڕواداران بەچی پێدەکەنی؟

وتی: پێغەمبەری خودام بینی هەمان شتی ئەنجام دا و پێکەنی، منش وتم ئەی پێغەمبەر بەچی پێکەنی؟

وتی خودای گەورە سەری ئەسوڕمێ لەبەندەیەکی ئەگەر بڵێ خوایە گیان لە تاوانەکانم خۆشبە وە ئەزانێت جگە لە من کەسیکە نیە کە لەتاوانەکانی خۆشبێت....

وەمنیش دوای پێغەمبەری خودا ئەکەوم و پێکەنم وەکو ئەو پێکەنی

ئەمەوێ ئەو سونەتە نوێ بکەمەوە کە زۆر دەمێکە پشتگوێ خراوە کە دوای دوعا کردن و پاڕانەوە پێبکەنی وزەردەەنە بکەی وەکو پێغەمبەر...تێگەیشتی! ؟

مەنال: ئا بەڵێ تێگەیشتم

بەدڵخۆشیەوە گەڕانەوەماڵەوە وبێ ئاگا لەوەی کە کەسێك خەریکە کێشەیان بۆ دروستدەکات

.......

بۆ ئێوارەکەی

مریەم لەسەر جێگاکەی ڕاکشابوو مەرامیش لە تەنیشتیەوە لەگەڵ سارە گفتوگۆیان ئەکرد لە فەیسبوك

سارە:مریەم تۆ دەستی نوسینت هەیە

مەرام: بەڵێ زۆرباشیش ئەزانێت

سارە:باشە پێت چۆنە ڕۆژانە ئامۆژگاری بڵاوبکەیتەوە لە پەڕەی خۆت لەفەیسبوك ئەمە سودی بۆ زۆرێك لە کچان ئەبێت

مریەم: امممم بیرۆکەیەکی جوانە

سارە:باشە ئێستا شتێك بنوسە

مریەم:باشە چرکەیەك بوەستە...چوە ناو پەڕەکەی و دەستی بە نوسین کرد

*بە پێچەکەیان وتم خنکێنەر و گەرمە،،جوانیەکەت دەربخەو بە هەموانی نیشان بدە

*قژت دەربخە و باجوانیت دەرکەوێ,,

*ئای لەو پێکەنین ونازکردنەی...!

*بۆ تەنها ئاگاداری جوانیەکەی نیە...!

*بەپارچەیەك پەڕۆ لە ئێمەی شاردۆتەوە,,دەی لایبەرە و بۆ خۆت بژی

*ڕۆژانی گەنجیت بژی ,, باسەرپۆش کۆتا خەونەکانت بێت

*نەکەی بەقسەی ئەوان تێکەویت,, وازیان لێبێنە و خودای خۆت ڕازیکە

*شەیتان هەمووکات پێت دەڵێت,, خوداتوڕە بکە و نوێژەکانت لەبیرکە

*وابیردەکەیتەوە بە ئارامی ئەژیت..؟!!!

*بەڵام تەواو,, بازۆر قسەی لەسەر نەکەین

*با گرنگترین شتتان پێ بڵێم ,,سەرپۆشەکەم تاجی سەرسەرمە وە ئەوە گرنگترینە

مریەم: تەواو بووم بڕۆن سەیری بکەن بزانم چۆنە

سارە: زۆر نایابە تۆ ئەم هەموو بەهرەیەت لەکوێوە هێناوە کچم

مەرام:بێگومان لەخوشکەکەیەوە وەریگرتوە قابیلە لەکێوە بێ

سارە:ئای خوایە... چەند دیاریەکی بەنرخت پێ بەخشیوم...خوای گەورە دوو هاوڕێی زۆر بەنرخت پێ بەخشیوم کە زۆرم خۆشەوێن و هیوادارم هەمیشە بمێنن بۆم....خۆشمەوێن

مریەم:من زۆر زیاتر خۆشمەوێن

مەرام: نا من زیاتر

مریەم: نا من زیاتر

سارە: بەڵێێێێێێێێ.....خۆشم ناوێن بێدەنگ بن

ڕۆژی دواتر لە کۆلێژ

مەنال: سلام علیکم

مریەم ومەرام و سارە :وعلیکم السلام

مەنال:من تۆبەم کرد بەس ئەمەویٚ هەموو ڕۆژێك شتێکی تازەم فێر بکەن باشە!؟

مەرام: مریەم لێرەیە  خوا بۆ ئێمەی بهێڵیٚ فێرمان ئەکا

سارە:دەی یاڵڵا مریەم باسی شتێکمان بۆ بکە

مریەم: ئەوە چیە تەنها مریەم هەیە...بەڵام قەینا من ڕازیم سەیرکەن ئێستا فێرتان ئەکەم چۆن شتەکان لەدڵتان هەڵبگرن...باشە!؟

ئێستا من کچێکم لە کۆلێژ چی وادەکات کە کوڕێکم بەدڵ بێت؟

یەکەم: زۆر ئەیبینیت و سەرنجی شێوە وجل و بەرگی ئەدەم

بەڵام ئەگەر من گوێڕایەڵی خودای گەورە بم کە دەڵێت"قل للمؤمنات ان يغضضن من أبصارهن و يحفضن فروجهن"

بۆیە چاوی خۆم دەگرم و ئەگەر کەسێکیش هاتە پێش چاوم ئەوا سەرم دادەگرم و ئەڕۆم ئەگەر وابکەم ئەوا هیچ شتێکی سەرنجم ڕاناکێشێت چونکە لەڕاستیدا هەر سەیرم نەکردوە و سەرنجم نەداوە

دووەم: گوێم لەدەنگی بێت و سەرسامی گفتوگۆکانی بم و بەگاڵتە و گەپەکانی پێبکەنم ،وە ئەگەر زیاتر گفتو گۆ بکەین زیاتر هۆگری ئەبم....ئەگەر من ڕانەوەستم و گفتوگۆی لەگەڵ نەکەم و گوێی لێنەگرم... کەواتە قسەکانی ڕامناکێشێت

سێیەم:تۆ واخۆت تێگەیاندوە کە ئەو تەنها هاوڕێیە یاخود*برا* بەڵام ئەمە گونجاو نیە چونکە نەبراتە نەباوك نە مەحرەمتەو کەسی نزیکە بۆیە گونجاو نیە لەگەڵی ڕاوەستی و گفتوگۆ بکەی

تێگەیشتن لێم یاخود نا بۆ ئاوا سەیرم ئەکەن

سارە: بەس بزانم تۆ ئەم قسانە لەکوێوە ئەهێنی

مرام: من خوشکی ئەوم نازانم لەکوێ ئەیهێنێ

مریەم: من هەموو ژیانم ئاوا ئازا و مەردانە بووم بەڵام کەسی مەردانە قەت باسی ئازایەتی و مەردایەتی خۆی ناکا

مەنال: دەستت خۆش مریەم قسەکانت زۆر جوانن

مریەم: هەرکاتێك پێویستت بەمن بوو ئەوا من لێرەم

**بەشی چوارەم*******

کچی ئیماندار خۆی پێگەو شوێنی خۆی دیاریدەکات ...وەخۆی دیاریدەکات کە سەرپۆشەکەی سەری بڕازێنێتەوە یان شتێکی تر....خۆی وادەکات خەڵکی خۆشیان بوێ و ڕێزی بگرن چونکە هیچ ڕق و کینەیەك لەدڵیدا نیە,, دڵی دەپارێزێت وبەخۆشەویستیەوە پەروەردەی ئەکات و دوردەکەوێتەوە لەهەموو گەورەی و خۆ بە زلزانینێك,,

خودای گەورە هەست و خۆشەویستی لە و دڵە سپیەیدا دەچێنێت لەبەرئەوەی کەسانی تری خۆشدەوێت بۆیە خودای گەورە بە خۆشەویستی خەڵك بۆی قەرەبوی دەکاتەوە....

بۆیە هەرکچێك لە ئێمە ئەگەر تاکو ئێستا ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا نیە پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە،، شورەیی نیە کە هەڵە بکەین شورەیی ئەوە یە هەڵە بکەیت و بەردەوام بیت لەسەری،،پێشینە و کەسێکی باشبە بۆ خوشك و برا و خێزان و کەسانی دەورو بەرت لەبەر خودا

#بێگومان زۆرکات هەڵە ئەکەین بەڵام بەبێ مەبەست،،

(((((من داوای لێخۆشبون ئەکەم لەهەرکەسێك کە ئازارم داوە بەمەبەست بێت یاخود بێ مەبەست)))))

...خوایە گیان هێزم پێ ببەخشە کە ئەو کەسە بم کەتۆ ئەتەوێ

گەنجی1: هەواڵە تازەکەت بیستوە

گەنجی2:خێر!؟

1: خێر ماوە...ئەو کچە ئەناسیت مەنال

2: بەڵێ ئەیناسم چیەتی؟

1: ئەزانی هەموو ڕۆژەکە لەگەڵ چەتەکانی مریەم ڕاوەستابوون

2: فێری ڕێزگرتنی ئەکەن یان چی؟

1: نازانم ئەم چەتانەی مریەم زۆر کێشەن بۆمان

2:نا تۆ بەس مەنالم بۆ بهێنە ناهێڵم لەژیانیان ئارام بن تۆ بیرت چوو چۆن ئەو ڕۆژە بەقەڵەم لێێ دام!!

**گەڕانەوە بۆ دواوە**

مریەم لەپێش کۆلێژ چاوەڕوانی هاتنی مەرام و نەدای ئەکرد و لەولاوەهەندێك گەنج وەستابوون

یوسف:بزانم ئەزانن کێ لەوێ وەستاوە؟

هیشام:کەس هەیە نەزانێ و نەیناسێ؟ لەگەڵ مەرام و سارە خۆیان بەڕێز کردوە و بونەتە دەستەیەکی چەتە

موڕاد: عەیبە بۆ تۆ...وازیان لێ بێنن ئەوان چی هەڵەیەکیان بەرامبەر کردون؟

یوسف:تۆ نازانی بەقسەی خۆیان بێت بەڕێز بونەو تۆبەیان کردوەو وڵامی کوڕان نادەنەوە ونازانم چی

موڕاد: گرەو ئەکەم کە بە ڕاستی وان

یوسف: نا من گرەو ئەکەم ئەوان خەریکی کێشەگەلێکن هەر کێشە نا کێشەگەلێك

هیشام:باشە یوسف ئەوە مریەم لەوێیا وەستاوە ئەگەر ئەتوانیت بڕۆ قسەی لەگەڵ بکە

یوسف:گرەو ئەکەیت

هیشام: گرەو ئەکەم بەڵام لە ئێستاوە تۆ دۆڕاوی دڵنیابە

یوسف بەرەو لای ئەوان هەنگاوی نا: ئەیبینین

یوسف لەپشتەوە : مریەم خان...مریەم ئاوڕی نەدایەوە

یوسف زیاتر نزیکدەبۆوە لێیان و بەدەنگێکی بەرزتر هاواری کرد :مریەم خان

بینی خەریکە ئەڕۆن وجاریکی تر بانگی کرد و وڵامی نەدایەوە بۆیە دەستی گرت و وتی:مریەم خان ئەمەوێ شتێك بەبەڕێزتان بڵێم.....

قسەکانی تەواو نەکرد مریەم زلەیەکی پێدا کێشا

مریەم:ئەمە بۆ ئەوەی جارێکی تر بیرنەکەیتەوە کەنزیکبیتەوە لەمن....لەسەر ئیزنت ئەو شوێنەیان جێهێشت و ڕۆیشتن

یوسفی گەمژە:واللە هەرگیز وازت لێناهێنم بە دەستی خۆت کۆتایت بە ژیانی خۆت هێنا

**گەڕانەوە**

یوسف:مافی خۆم وەردەگرمەوە تەنانەت ئەگەر بە کوشتنی ئارام ببمەوە ئەوا ئەیکوژم و کۆتایت پێ دێنم

.......

قاوەخانەیەك هەیە لە نزیکی کۆلێژ

یوسف دانیشتبوو سەیری کاتژمێرەکەی ئەکرد

مەنال:سڵاو هیشام وتی بانگی منت کردوە..شتێك هەیە یان چی؟

یوسف:تۆ چیت بەسەر هاتوە ئەو ماوەیە لەگەڵ هیچ کەسێك قسە ناکەیت؟.. ئەها ڕاستە تۆ بویتە هاوڕێی مریەم و چەتەکانی

مەنال بەپێکەنینەوە:تۆ شێتی یان مێشکت تێکچوە؟...کێ ئەڵێ مریەم منی گۆڕیوە؟تۆ گەمژەی؟..... من خۆمکردۆتە هاوڕێیان و لەگەڵیان ئەگەڕێم تەنها تا خاڵی لاوازیان بزانم و دواتر بیردەکەمەوە بزانم چی ئەکەم

یوسف:ئای کچێ....دەرکەوت تۆش کەم نیت

مەنال: هیچ کەسێك ناتوانێت فێڵ لە مەنال بکات

....................

لەماڵی مەنال و مریەم.....

مەرام:مریەم بە بۆچونی تۆ مەنال بە ڕاستی گۆڕاوە؟

مریەم:نازانم بۆ واهەستدەکەم بەدوای شتێکەوەیە....قەت ئەوە مەنال نیە بەو خێراییە بگۆڕێت

مەرام: بەخوا ڕاستدەکەیت....لەگەڵ ئەوەش ئەبێ ئاگامان لەخۆمان بێت

مریەم:ئەڵێی چی.....بێ ئیشین وەرە با تۆزێك شەڕ بە مەڕوان بفرۆشین

مەرام: دەی یاڵا

......... ......... ......... ......... ......... .........

..........

دوای ساڵێك

مەرام: دەی مریەم هەڵسە

مریەم: ئەوەتا هەڵسام

دوای ئەوەی نانی بەیانیان خوارد ڕۆیشتن بۆ کۆلێژ و ڕۆژێکی ئاساییان بەسەر برد وەکو هەموو ڕۆژێك دواتر لەگەڵ سارەی هاوڕێیان ڕۆیشتن بۆ مۆڵێك دوای ئەوەی تەواو بوون

مەرام: واللە من لە شوێنی خۆم ناجوڵێم

سارە: بۆچی چی بوە

مریەم:وابزانم ماندوو بوە

سارە:اممممممم....پێتان چۆنە بڕۆینە ڕێستۆرانتێك و نان بخۆین؟

مەرام: الله .....ئەوە قسەیە

ڕۆیشتنە ڕێستۆرانتێك و نانیان خوارد و گفتوگۆیان ئەکرد تاکو......

**بەشی پێنجەم**

تاکو هاتنە دەرەوە

بینیان یوسف لە پێشیان ڕاوەستاوە

یوسف: سڵاو سڵاو هێشتا هەر وەکو جارانن

دەمانچەکەی دەرهێناو ڕوبەڕوی مریەمی کردەوە....

یوسف:لەبەردوو شت تۆ ئەکوژم یەکەم لەسەر ئەو قەڵەمەی ئەو ڕۆژە لێت دام.....دووەم لەبەر ئەوەی هۆکار بوویت کە فەسڵ بکرێم لەو کۆلێژەی کە خولیام بوو

**گەڕانەوە بۆ دواوە**

مریەم و مەرام و سارە لە ناو کۆلێژ ڕاوەستابو لەناکاو یوسف دەستی مریەمی گرت ئەویش ئاوڕی دایەوە

یوسف:ئەمجارەیان ناتوانی هەڵبێی

مریەم بەدەنگی بەرز هاواری کرد بەشێوەیەك هەموو کۆلێژ گوێیان لێبوو ویستی دەستی ڕاکێشێ بەڵام نەیتوانی

مریەم هەر هەوڵی ئەدا خۆی ڕزگار بکات و دەسی ڕا ئەکێشا وەمەرام و سارە یارمەتیان ئەدا بەڵام یوسف بە توندی پاڵی پێوە ناو کەوت و لەهۆش خۆی چوو

لەناکاو کۆمەڵێك گەنج کەوتنە لێدانی یوسف و کچەکانیش هەوڵیان ئەدا کە مریەم هەڵسێننەوە

لە ئیدارەی کۆلێژ و لەبەردەمی ڕاگری کۆلێژ مریەم وەستابوو کە بە کوڵ ئەگریا و لە تەنیشتی سارە و مەرامی لێبو وە یوسفیش دەستیان کرد بە گێڕانەوەی ڕوداوەکە

ڕاگری کۆلێژ: پێویستە سزا بدرێیت لەسەر ئەم کارەت هەروەها ئەمە یەکەم کاری هەڵەت نیە لە کۆلێژ...پێویستە فەسڵ بکرێیت بۆ ئەوەی جاریکی تر پێش ئەوەی هەڵەی وابکەی باش بیربکەیتەوە ...فەرموو لێرە بڕۆ

پێش ئەوەی یوسف بڕوا بە ڕقەوە سەیری مریەمی کرد: وەکو چۆن ژیانی منت تێکدا و هۆکار بویت بۆ کۆتای هێنان بەداهاتوم منش ئاوا کۆتای بە ژیانت ئەهێنم...ئیترڕۆیشت مریەم کەوتە سەر زەوی و بەکوڵ ئەگریا ئیتر کەس جارێکی تر نەیبینیەوە

**گەڕانەوە**

مریەم: ئەگەر تۆ من بکوژی ئارام ئەبیتەوە و دڵخۆش ئەبیت...ئەتوانی لە ڕۆژی دوایدا بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگری؟؟

تۆ چ شتێکت دەستدەکەوێت ئەگەر ئێستە من بکوژیت!؟

هیچت دەستناکەوێت جگە لە بێ فەرمانی خودا...

پێغەمبەر ئەفەرموێ:"ڕوخاندنی کەعبە لەلای خودا ئاسانترە لە کوشتنی مسوڵمانێك"

ئەزانی ئەگەر تۆ ئێستا من بکوژی پێغەمبەری خودا ئەڵێت ئەگەر کەعبە بڕوخێنیت ئەوا سزاکەت کەمتر ئەبێت لە کوشتنی مسوڵمانێك.....لەو دونیا بەرگەی ئەو ئازارە ئەگریت؟؟

یوسف: بێدەنگ بە قسەی زیاتر مەکە

مەرام بەگریانەوە: ئەی خوایە گیان تکایە وەزی لێبێنە

سارە: هەموو ئەمانە لەبەر هەڵەیەك کە تۆ خۆت هۆکاری بویت ....تۆ کەسێکی نەخۆشیت

یوسف دەمانچەکەی جوڵاند: قسەکانتان تەواو بوو؟ئێستا ببینن چیتان بەسەر ئەهێنم

دەمانچەکەی بەڕوی مریەمدا بەرزکردەوە و مەرام و سارە بەکوڵ ئەگریان لە کاتێکدا کە مریەم زۆر بەهێز وەستابوو

گولەیەکی تەقاند و مریەم چاوەکانی داخست ....گولەکە بەر لەشی کەوت وخەڵتانی خوێنی کردوکەوتە سەر زەوی

..............

**بەشی شەشەم*****

مریەم هاواری کرد:مەناااااااااااااااااااال

گولەک بەر لاشەی مەنال کەوت و کەوتە سەر زەوی
یوسف: خودا ماڵت کاول بکات تۆ چیت کرد

*مەنال*

یوسف:هیچ هەواڵێکی مریەم و هاوڕێکانیت لا نیە؟
مەنال: ئێوارە وتیان بەیانی ئەڕۆین بۆ ئەو سوپەر مارکێتە
یوسف: جوانە کەواتە بەیانی کاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیە
مەنال: تۆ بەنیازی چی بکەیت
یوسف بە پێکەنینەوە: کۆتای بە ژیانیان ئەهێنم
مەنال: کاریَ بێعەقڵانە مەکە یوسف
یوسف:پەیوەندی بە تۆوە نیە تۆ ئەوەت کرد کەلەسەرت بوو....ئەوەی تر بۆ من جێبێڵە و تێکەڵ مەبە....وە ئەزانی ئەگەر هەرشتێك بەمریەم بڵێی کۆتا ڕۆژی تۆش ئەبێت
مەنال: من ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و هیوادارم تۆش هیچ بێعەقڵیەك نەکەیت
مەنال گەڕایەوە ماڵەوەو لەسەر جێاکەی ڕاکشاو چوە خەونێکی قوڵەوە

...........

مریەم بەگریانەوە: ئێمە لەژیانمان ئازاری تۆمان داوە؟...بۆ ئەم کارەت لەگەڵ کردین؟.......ئێمە وەکو خوشکی خۆمان

مامەڵەمان لەگەڵ ئەکردی .....نا واللە زیاتر لەخوشك وەلە کۆتایدا ئێمەت فرۆشت

مەرام: ئێمە بە ڕاستی متمانەمان پێ کردی؟ وەتۆش خیانەتت لێ کردین؟تۆ شایەنی ئەوە نیت هاوڕێی ئێمە بیت

مەنال خەبەری بۆوە و زۆر ترسابو هاواری ئەکرد نەخێر ئەوان هیچی خراپیان بەرامبەر نەکردوم و زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ کردم لەکۆتایدا من خیانەتم لێکردن.....نا من بێدەنگ نابم ،،،پێیویستە هەڵەکەم چاککەمەوە پێش ئەوەی شتێکی خراپ ڕوبدات..........

بەخێرای لەجێگاکەی هەڵسا و ئۆتۆمبیلی براکەی دەرکرد و بەرە و ڕێستۆرانتەکە کەوتە ڕێ و تەلەفۆنی بۆ پۆلیسیش کرد لە ڕێگا و ناونیشانەکەی پێدان

هەرکە گەیشتە سوپەر مارکێتەکە بەدوایان ئەگەڕا و بینی یوسف وەستاوە و دەمانچەی لەمریەم ڕاکێشاوە

هەرکە مەنال ئەمەی بینی بەخێرای بەرەو ڕویان ڕۆیشت و یوسف دەستی لەسەر پەلاپیتکەکە داناووگولەیەکی تەقاند لەو کاتەدا مەنال خۆی فڕێدایە پێش مریەم و گولەکەی بەرکەوت و کەوتە سەر زەوی

((((( ئەگەڕێینەوە بۆ لای قارەمانەکانمان)))))

مریەم و مەرام لە تەنیشت مەنال دانیشتبون

مریەم بەگریانەوە: سارە تەلەفون بۆ فریاکەوتن بکە خێرا

یوسف:باشە پێڕائەگەم کۆتای بەهەموتان بێنم

مریەم: گوناهت ئەگا بەسە بۆ وامان لێ ئەکەی....دواتر سەیری مەنالی کرد و وتی ان شاء الله باش ئەبیت.....بەهێز بە

یوسف گوێی لە دەنگی پۆلیس بوو دەمانچەکەی فڕێدا و نەیدەزانی چی بکات سەیری کچەکانی کرد سەرقاڵ بون بە هاوڕێکەیانەوە بۆیە ویستی ڕابکات بەڵام پۆلیس دەستگیریان کرد

مەنال بە دەنگێکی نزم و پچڕ پچڕ:ت ە ن ە ا ....گ و ێ م لێ ب گ ر ە ....م ر ی ە م

(تەنها گوێم لێ بگرە مریەم)

من دا وای لێبوردن ئەکەم من هاو ڕێ یەکی خراپ بوم

(من داوای لێبوردن ئەکەم من هاوڕێیەکی باش نەبوم...ئێوە متمانەتان پێکردم و من خیانەتم لێکردن بەڵام تکایە بمبورن)

مریەم بە گریانەوە: تۆم بەخشیوە بەخوا تەنها هەڵسەوە

مەنال پێکەنی و مریەم زانی کە دوا ساتەکانی ژیانیەتی پێی وت باشە شایەدومان بێنە

مەنال پێکەنی سەرەڕای هەموو شتێك مریەم بیر لەو دەکاتەوە دواتر وتی: اشهد ان لا اله الا الله

دوار چاوی داخست...مریەم چاوی پڕ گریان بوو هەر سەیری ئەکرد

مریەم کە چاوی پڕ گریان بوو: تۆم بەخشیوە واللە تۆم بەخشیوە

مەرام و سارە لەتەنیشتی دانیشتن و سارە دەستی لەسەر شانی مریەم دانا مریەم سەیری کردولەباوەشی گرت لەولاشەوە مەرام سەیری کردن و زەردەخەنەیەکی کرد کە هێشتا چاوی وشك نەبو بو

............

**دوای 6 ساڵ**

دکتۆرە :مەنال محمد

دایکەکە هەڵسا و لەگەڵ کچە پێنج ساڵانەکەی چونە ژورەوە

کچێکی بەتەمەن بیست ساڵانێك لەپێشیان دانیشتبو کە چاکەتێکی سپی لەبەردابوو خەندەی ئەکرد

دکتۆرە:فەرمون

دایك و کچەکە هاتنە ژورەوە و دانیشتن

دکتۆرە: تۆ ناوت چیە؟

مەنال:ناوم مەنالە

دکتۆرە:ناوەکەت زۆر خۆشە هاوڕێیەکی کۆنم بیرهاتەوە هەمان ناوی هەبوو

مەنال:ئەی ئێستا ئەو هاوڕێت نیە(واتە هاوڕێ نەماون ئێستا)

دکتۆرە تۆزێك خەاڵی ڕۆیشت ....ها نا ئەو ئێستا لە شوێنێکی باشترە .....گرنگ نیە تۆ چیتە جوانکیلە؟

مەناڵ: لایەکانم زۆر یشێ

دکتۆرە:باشە تۆ لەمن ئەترسی؟

مەناڵ:دایکم پێی وتم تۆ کەسێکی باشیت و مناڵانت خۆشدەوێ

دکتۆرە:بەڵێ زۆریش خۆشم دەوێن....دواتر پشکنینی بۆ مەناڵ کرد و دەرمانی بۆی نوسی

دکتۆرە:تۆزێك بوەستە بەرەو لای دۆلابە گەورەکە ڕۆیشت و یاریەکی دەرکرد و بە خەندەوە دای بە مەناڵ

مەناڵ یاریەکەی وەرگرت و زۆر دڵخۆش بوو باوشی پێداکرد

دوای کۆتای هاتنی ڕۆژەکە گەڕایەوە ماڵەوە و بینی داك و باوکی چاوەێین و دەستی باوکی و دواتر دایکی ماچ کرد و دواتروتی: ئەوە مەرام نەهاتۆتەوە لەمستشفی؟

زەینەب:نەخێر نەهاتۆتەوە ئەمڕۆ عەمەلیاتی هەیە....تۆ چی ئەکەی

مریەم: سوپاس بۆ خوا باشم و هەموو شتێك باشە وە سارەش باشە

زەینەب: ئەمڕۆ هەر بە مەڕوانەوە گرتبوی تا هاتن بۆ ئێرە و دڵنیابونەوە لە ئێمە و خواردنیشی کرد ئینجا ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان.....

ئەو سارەیە خێری لەدوایە..... من خودا خۆشی ئەوێم بۆیە
هاوڕێیەکی وەکو سارە و خوشکیکی وەکو مەرام و برایەکی
وەکو مەڕوان و دایك و باوکێکی وەکو ئێوەی پێ بەخشیوم
زۆر زۆرم خۆشەوێن.....بەڕاستی خودا خۆشی ئەوێم

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




**کتێبخانەی ( PDF )** >

Public group · **100K** Members